# هاوکارمان بن بۆکۆتایی هینان بەم تاوانانە و بەم دڵڕەقییە!!

راگەیاندنی ڕێکخراوی ژنانی پەنابەرانی کوردستان و ناوەندی رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان بەبۆنەی دۆزینەوەی لاشەی "بەناز محمودەوە"



بەناز: قوربانی‌یەکی تری ناومس پەرستی

پاشماوەی لاشەی بەناز– ئەو کچە 20ساڵەی کەماوەیەکە بێسەرو شوێنە، لە چانتایەکدا لەماڵە کوردێك، لەشاری بیرمینگام/ بریتانیا، بەهۆی بەدواچوونی پۆلیسەوە، دۆزرایەوە. شایانی باسە لەپەیوەند بەم تاوانەوە ئاری بابکر ئاغا لەدادگای ماجسترەیت لەشاری لەندەن بەتۆمەتی کوشتنی برازاکەی بەناز مەحمود بابەکر ئاغا لەلایەن پۆلیسەوە گیراوە ولەبەردەم لێپرسینەوەدایە، هاوکات کۆی ئەو کەسانەی کەتا ئیستا گیراون و لیپیچینەوەیان لەلایەن پۆلیسەوە لەگەلدا کراوە گەیشتووە بە 16 کەس کە پاشان بەکەفالەت ئازادکراون، ئەمە لەکاتیکدایە کە بەدواداچوون هەربەردەوامە.

بەناز مەحمود بابەکر ئاغا لە 23 جانیوەری 2006 وە بێ سەرو شوینە. بەناز کەبە زۆر بەهاوسەرەکەی(حەمە)بەشوودرابوو، دوای  سێ ساڵ زەواج، لە مانگی 6 پاردا، دەگەرێتەوە ماڵی باوکی لە ناوچەی میچ جام لە جنوبی لەندەن وبەم شیوەیە کۆتایی بەژیانی خیزانی دێنێ.

ئاخرین جار بەناز لە ناوچەی کراکیت گرین لە ناوچەی میچ جام بینراوە، بەبی ئەوەی هیچ پارەیکیشی لە بانق راکیشابیت وەیان جلوبەرگێکی زیادەی پێ بووبیت تەنانەت پاسەپۆرتیشی پێنەبوە.. ئەمانە هەمووی گومانی کوشتنی ناموسی لای پۆلیس دروست کردبوو بەبێ ئەوەی بەلگەیەك لەبەردەستدابیت. بەلام دوای سێمانگ بەدوا گەران لاشەکەیان دۆزیەوە وراستیەکان ئاشکرابوون.

کوشتنی ناموسی یەکێکە لەو تاوانە هەرە ترسناکەکانەی کەبەشێوەیەکی فراوان لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست و ئەوروپا لە چەند دەیەی دواییدا بلاوبۆتەوە. ئەمە لەکاتیکدایە کەزۆرێك لەم وولاتانە ولەوانەش عیراق، بەشێوەیەکی یاسایی تاوانی لەم جۆرە لەیاسادا لە ژێرناوی پاریزگاری لە شەرەفی خیزان، رەسمیەتی پێدراوە و رۆژانە ئەم یاساو حوکمە لە لایەن میدیاو قوتابخانەو مزگەوت و دەسەلات و دەستورەوە لایەنگیری لێدەکریت.

کاتێك تاوانی کوشتنی ناموسی بەدژی ژنان ئەنجام ئەدرێت، تاوانباران ئازاددەکرێن وبەم هۆیەشەوە فەزایەك بەری دەخرێ کەکۆمەلگا جۆرەکانی ئەم تاوانە نامرۆڤانەیە لەدژی ژنان  قبول بکات و بێدە نگبیت لەبەرامبەریدا... ئەم تاوانانە لە وولاتانی ئەوروپاش بەشیوەی تیراژیدی‌یەکەی دووبارە دەبنەوە...

کەوایە دەبی بەهەموومان ئەم تاوانە رابوەستێنین..!! ئیمە داوا لە هەرکەس دەکەین کە زانیاری لەسەر ئیحتمالی هەرەشەی کوشتنی ناموسی یان هەر هەوالیکی سەبارەت بەحالەتی کچان و ژنانی بیسەورو شوین، لە کۆمیونتی کوردیی و ولاتانی رۆژهەلات، لاهەیە لەگەل ئیمە پەیوەندی بگری وئاگادارمان بکاتەوە.

ئیمە دەبی تاوانی کوشتنی ناموسی راگرین پیش ئەوەی قوربانییەکی تر بێسەروشوێنکری.. ئیمە پێویستیمان بەئیوە وبە پشتوانەی هەموو رێکخراوەکانی ژنان و رێکخراوەکانی داکۆکی لەمافی مرۆڤ هەیە بۆ کۆتایی هێنان بەم تاوانانە..!


سەوسەن سەلیم

لێپرسراوی رێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان

نادیە مەحمود

لێپرسراوی ناوەندی رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان

2006/5/17

بۆ پەیوەندی زانیاری زیاتر:

رێکخراوی ژنانی پەنابەرانی کوردستان

02072631027

یان 07748851125

Krwo_org@yahoo.com

ناوەندی رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان

02076391033

mecwr2003@yahoo.com